# سەرانی تورک و کوردستان

ئەحمەد دەشتی

ئەگەر ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە و دەبینین کە سەرانی تورک و داگیرکەرانی تری کوردستان  هەر لە کۆنەوە هاو ئامانجی یەکتر بووینە و دژ بە کوردو کوردستان هەلس و کەوتیان کردووە ، بە تایبەتی سەرانی تورک کە هەمیشە نیازی دوژمنکارانەیان بە گەلی کورد لە هەموو سات و کات و ڕۆژگارێک دا هەبووە و دەریان بڕیوەو   هەمیشە لەوەتی کە هەشن دژ بە کوردو کوردستان هەنگاویان هاویشتووە و بوینەتە ڕێگری هەموو مافێکی گەلی کورد و هاندەری دوژمنکاریەتی کورد لە تەواوی کوردستان بوونە ، ئەوان واتە تورکەکان هەر لە کۆنەوە لە هەر کاتێک دا کە بۆیان لوابێت ئەوا بە هەموو هێز و تواناپانەوە دژ بە کوردو کوردستان هەنگاویان هاویشتووەو بەربەرەکانی کوردیان کردووە و لێ نەگەڕاون و لێ  ناگەرێن کە گەلی کورد لەناو ماڵ و لانەی ژیانی خۆی دا سەربەست و ئازدو ڕها بژیت و کوردستانی نیشتمانی کوردیش وەک هەمو نیشتمانی گەلانی تر سەربەخۆو ڕزگار ببێت و هەموو هەول و توانایەکی تورکە کەمالیەکان لەوەتی کە دەولەتی شۆڤێنی تورکیان وەدی هێناوە ئەوا دژایەتی گەلی کوردیان کردووەو ئەویش نەک هەر بە قسە بەلکو بە کردەوەش ئەم نیازە نا پاکەیان دژ بە گەلی کوردو کوردستان نەک هەر لەو پارچەیە دگیرکراوەی ژێر دەستی خۆیان بەلکو لە تەواوی کوردستان دا لە باشورو ڕۆژهەلات و ڕۆژ ئاواش دا ئەم سیاسەتهە گڵاوەیان پیادە کردووەو هەمیشە پەلاماری گەلی کوردیان داوەو بە رک و راستی وەک دەولەتێکی زلهێز  ناوچەی خاوەر میانە بێ شەرمانە دژ بە ویست و خواستی پەنجا ملیۆن مرۆڤی کورد جولاونەتەوە و هەمیشە دەریان بڕیوە کە دژی هەموو ماف و کیانێکی ئەم میللەتەکوردە بەش خوراوەن و هەردەم

هاندەری دوژمنکارانە دژ بە کوردو کوردستان هەنگاویان هاویشتووە،ئەوان لە هەمو چاو پێکەوتن و سەردانی وەلاتانی داگیرکەرانی تری کوردستانیش دا هاندەر بووینە بۆ دژایەتی کردنی کورد لە هەموو پەیمان و کۆڕو کۆبوونەوەکانیان دا تەنیا دژایەتی گەلی کوردیان کردووە و لەگەل داگیر کەرەکانی تری کوردستان رێککەوتون و بۆ ئەم مەبەستە هەمویان پێکەوە کۆک و هاوکاری یەک بوینەو ئامانجی خۆیان بەرامبەر کێشەڕەواکەی گەلی کورد دەر بریوەو هاو بیرو تەواوکەری یەکتر بوینە،دەولەتی تورک کە زۆر لە مێژە کوردستانی باکوری داگیر کردووەو مافی بیست و پێنج ملیۆن کوردی خواردووەو زەوتی کردووە ، تەنانەت ئەو بیست و پێنج ملیۆن کوردە مال و خاک لێ داگیرکراوە کە سالەهای سال لە ژێر جنگی نامرۆڤایەتیان دا دەنالێنن و دوورن لە بوونی هەموو مافێکی مرۆڤایەتی دا ، بەمەش ناوەستن و پەلاماری پارچە دابەش و لەلەت کراوەکانی کوردستانی تریش دەدەن و باوەریان وایە کە لە هەر شوێنێ بۆنێک بۆ بوونی مافەرەواکانی میللەتی کورد بێت ئەوا ئەوانن کە دین و دژایەتی کوردو کوردستان دەکەن و ئاگری ماڵ وێرانی و تەپەسـەر کردن و خاک داگیر کردن دژ بە کوردو کوردستان ئەنجام دەدەن،دەبینین لە سەردانەکەی سەرەک کۆماری عێراق کە لەم رۆژانە دا ئەنجام دراوە سەرانی تورک چۆن دژایەتی گەلی کوردی ئەنفال دیدەو بە گازی خەردەل و سیانید بە هەزاران هەزار لەناو براو دەکەن و چۆن هەنگاو داوێن و چاوەڕوانی لەدژایەتی کردنی سەرەک کۆماری عێراقی تازەش دەکەن کە لە دوای ئەو هەموو کارەساتانەی کە سەدامیان دژ بە کورد لە کوردستانی باشور ئەنجامیان داوە چاوەروانی پیادە کردنەوە دەکەن ، ئەوان کە دەیانەوێ ڕژێمی عێراقی ئێستاش وەک سەدامیان دژ بە کوردو کوردستان بن و خۆیان چۆن بیر دەکەنەوە خەلکانی تریش

وابن،بەلام بۆیان نالوێت و وەرامێکی تری رێزدار یاوەریان بیست کە لە سەردانەکەی و گفتو گۆکانی لە گەل سەرانی تورک دا ئەنجام درا و بۆچونەکانی رێزدار یاوەریان بە دڵ نەبوو ، تورکەکان دەیانەویست کە سەرەک کۆماری کاتی عێراق دلنیایان بکاتەوە کە لە دژایەتی کردنی گەلی کوردستان دەکەن و نیازیان بەرامبەر بە خەراپە ، بەلام ڕێزدار یاوەر وای نەکرد و بە پێچەوانەی هەستی ئەوان هەلس و کەوتی خۆی نیشان دا ، هەر بۆیەش بوو کە سەرانی تورک هەرەشەو گوڕەشەی خۆیان کردو دەربارەی کوردستان بە تایبەتی شاری کەرکوکی دڵی کوردستان دوان ، بەپێی هەوالەکانی ڕۆژنامەوانانی تورک و دەرەکی وا دەرکەوێت کە بەرێز یاوەری سەرەک کۆماری کاتی عێراق زۆربەی وەرامەکانی بۆ تورکیا بووەتە هۆی نگەرانی و دڵتەنگی سزاری سەرەک کۆمار و سەرانی تری تورک ، بە پێی هەوالەکان وا دیارە کەلە وەرامی سزاری سەرەک کۆماری تورک دا کە داوای لە سەرۆک کۆماری کاتی عێراق کردووە کە نەیەلن کەرکوک ببێ بە شارێکی کوردی و ڕێ لەوە بگرن کەکورد دەست بەسەر شاری کەرکوک دابگرێت ، بەلام سەرەک کۆماری کاتی عێراق لە وەرام دا گوتویەتی:ئەمە کارو بارێکە سەر بەخودی عێراقیانە و داواتان لێ دەکەین کە نابێ بە هیچ شێوەیەک دەست لە کارو باری عێراق وەربدەن و دەست تێ وەردان لە کارو بارەکانی عێراق دەبێتە هۆی گرژی و زیاتر پەرە نەسەندنی پەیوەندیەکانی عێراق و تورکیا و نا ئارامیەکان زیاتر دەکاتەوە ، بەم وەرامەی یاوەری عارەب سزاری تورک تەنگە دەگرێت و ناتوانێت کە پێ ناخۆش بوونی خۆی لەم وەرامەی یاوەر نیشان نەداتن،بە پێی هەوالەکان کە رایان گەیاندووەدەلێن جێگری سەرەک وەزیرانی تورک عەولا گولی دژ بە کورد بۆ وەرامی ئەم مەبەستە شەکر دەشکێنێ و بە ئاشکرایی ڕادەگەیەنێ و دەلێت : کە ئەگەر ئێوە

واته عێراق کارێک نەکەن دژ بە کوردەکان و بۆ نەبوونی کەرکوک بە شارێکی کوردی هەول نەدەن ئەوا دەولەتی تورک ناچار دەبێت کە ئەندازەیەک بۆ ئەو مەبەستە دژ بە کوردەکان دابنێت و واتە دەست دەخاتە کارو باری عێراقەوە و شاری کەرکوکی دڵی کوردستان لە کوردستان جیا دەکاتەوە و نیازە گلاوەکانی دژ بە کوردو گەلانی عێراق وەدی دێنێت ، عەبدوللا گول کە بە ڕاشکاوی نیازەکانی پڕ لە قڕێژی دەولەتی تورک و راستی خۆیان بەرامبەر بە کوردو کوردستان دەردەخات و دیار دەکات ، نازانێت کە خەیاڵ خاون و کەرکوکی شاری دڵی کوردستان بە هیچ هێزێک لە کوردستان جیا نابێتەوە و ئەوان هەر کارێک دژ بە کوردستانی باشور بکەن خۆیان پتر لە هەموو کەسێک تیادا زیانیان پێ دەگات و ئەو چاڵەی کە ئەوان بۆ کوردی هەڵ دەکەنێنن ئەمجارە خۆیان تیادا گیر دەخۆن، گەلی کورد لەم رۆژگارەی جیهانگیری ئەمـرۆ دا تازە بە هیچ شێوەیەک تەپە سەر ناکرێتەوەو و دەولەتانی دگیرکەرانی کورستان تازە بە مەیلی خۆیان نکارن کەهەر چی بیانەوێ دژ بە گەلی کوردستان پیادەی بکەن و وەک جارانیان تیادا سەرکەون و بۆیان بلوێت ، ئەم رۆژگار و ساتانەیان بەسەر چوو کە وەک دەولەتانی ترۆریست دژ بە ملیونها خەلکی کورد هەرچی بیانەوێ بۆیان بلوێت و بۆیان بچێتە سەر ، دەولەتی تورک ڕازی بێت و رازی نەبێت کەرکوک کوردستانە و کوردستان بەرەو ڕزگاری هەمیشەیی دەروات و بەبێ کەرکوک کوردستانیش نیەو هەموو مرۆڤێکی کورد لە پێناوی شاری دڵی نیشتمانە خۆشەویستەکەی خۆی شاری بابەگورگوڕ و بڕبڕەی پشتی کوردو کوردستان گیانی خۆی دەکا بە قوربان و با دەولەتی تورکیش باهەر خەیاڵ پلاوان بکات و سەریان لە بەرد داوە وکەرکوکیش هەر دڵی کوردستانە و کوردستانە و کوردستان.